# بریڤ ( 4 )

**شێرزاد هەینی**
Sherzad55@hotmail.com

لەدوورەوە بینیم، جگەرەیەکی لە نێوان پەنجەکانی دەکوشی و شانی بە دیواری نوسینگەکەی دابوو. بە پەلە قوومی لە جگەرەکەی دەدا، لە ژوورەوە کاری زۆری هەبوو، دیاربوو زوو دەیویست تەمەنی جگەرەکە بکاتە دووکەڵ و بچێتەوە سەرکارەکەی، بەڵام لەگەڵ سووتانی جگەرەکەی خۆشی بۆنی خۆڵەمێش و تاڵی لێوە دەهات. بۆ ئەو بۆنەو بۆ تامی تاڵی سووتانەکەی نزیك بوومەوەو سڵاوم لێکرد، زوو پرسیاری ئەوەم لێکرد، دیارە لە ژوورەوە جگەرە ناکێشیت، کارێکی باشەو ئەوەش دەبێتە نموونەی جوان، زۆر خاوەن نوسینگەی تریش چاوت لێ دەکەن، ئەوەش پەیرەو دەکەن، ئەویش هاتە وەڵام و وتی:

من وا فێربووم، راهاتووم، ناکرێ جگەرە لە نوسینگەی کار بکێشرێت، ئەو ئامێرانە تازەن و دیوارەکەم بۆیەی تازەیەو کەرەستەکانیش گرانبەهان. بە نووسین و ئاگادارکردنەوەو بێ شەرمانە بوار نادەم کەس لە ناو سالۆنەکەی من، ئەو دووکەڵە پەخش بکات.

من ئەوە بۆ خۆم بە رەوا نازانم، بۆ کەسیش بە رەوای نازانم. بۆیە کەی هەستم کرد ماندووم، زانیم جگەرەیەك هێورم دەکاتەوە، دێمە دەرەوە، دووکەڵەکە بەرەڵای دەرەوە دەکەم. لە هەموو دونیا، شوێنی کارو سەردان، بەتایبەتی تاقیگەی هونەری کەس جگەرەی تێدا ناکێشێت. ئەوە یاسایەو پەیرەوی سروشتیە.

ئەوەی لە نوسینگە، ئەوەی لەناو پاسی تەژی نەفەراتی ماندوو، ئەوەی لە تەنیشت نەخۆشی شەکەت، ئەوەی لە ناو شوێنی گشتی، ئەوەی پێش نانخواردنی بەیانی، ئەوەی لە لێخورینی ئوتومبێل، ئەوەی سکی هەیە، ئەوەی لانکی کۆرپە دەهەژێنێت، ئەوەی رۆژانە ئەگەر یەك دانە جگەرەیەك بکێشێت، خۆی و دەوروبەری سەخلەت و ماندوو و نەخۆش و بێزار دەکات.

یەك کەس دووکەڵ هەڵدەمژێت، چەندی تر ناچار دەکات وەك خۆی ئەو دووکەڵە هەڵبمژێت.

کەمکردن و سنوردارکرنی شوێنی جگەرەکێشان، سیاسەت و بەرنامەو پێشەکەوتن و مەدەنیەتە. قەدەغەکردنی نەکێشانی جگەرە لە ژووری دەزگاکانی رەسمی و ... جگەرکێشان کەمتر دەکاتەوەو .. لای نەخۆش و منالی ساواش تەندروستی چاك و چاککبونەوەی پێ دەبەخشێ.

ئەو نیکۆتینە ئەگەرچی بەچاو نابینرێت، بەڵام زانایان بینیویانە کەوا هەزار مادەی تێدایە لەوانە 100 یان زیانبەخشەو نیوەی زیاتریان هۆکاری نەخۆشی کوشندەی کانسەرن، نیکۆتین بە زیانترە ئەگەر لە ژوورەوە بڵاویبکەیتەوە. کەسی جکەرەکێش وەك کەسی پلە دووە لەناو کۆمەڵ، چونکە کەسی دەست بە جگەرە بۆی نی یە بچێتە ناو هۆڵەکانی گشتی، سینماکان، هۆبەکانی فێربوون، ژوورەکانی نووستن و نانخواردن و میوانخانەو چێشتخانەو مەزادخانەو تیمارخانە ... ئەو دووکەڵە شینەی جگەرە بە دە ساڵ 12 ملیۆن کەسی بە کانسەر کوشتووە، ئەو جگەرەیە لە ژوورەوە بێت یان لە دەرەوە بێت، مەترسی زۆرە. ئەگەر ساڵانە 31ی مایی رۆژی بەرەنگاری و دژایەتی و نەهێشتن و کەمکردنەوەو وازهێنانی جیهانی جگەرە بێت، ئەوا هەموو رۆژەکانی، هەموو شەوەکانی زیانی زۆرە. جگەرەکێشی ژن و پیاوی جگەرەکێش ئەگەری زۆری تووشبوونی زۆر نەخۆشی تری هەیە، وەك لاوازی ماسولکەو نەزۆکی و رەشبوون و هەڵوەرینی پووك و ددان و ڕەگ و ریشەکانەکانی و لاوازی سیکسی و .. زۆری تر. گیرفانبڕەو رۆژانەکوژو پارەدژەو مەسرۆف زۆرە کەسی جکەرەکێش، ئەمریکییەکان جوان و ورد ژماردوویانە ساڵانە 160 بلیۆن دۆلار بە سووتانی جگەرە دەڕوات، تەمەنی ژن و پیاوان 13 تا 14 ساڵ کەم و کورت دەکات، جگەرەی لاوازی وردی ناسکی ناو پاکتێکی جوانی ڕەنگین.

برادەرەکەم ئەو هەموو رستەی جوانەی بۆ منی جگەرەنەکێش وتەوەو خۆشی دوا قوومی لە جگەرەکەی دا، بە پێڵاوە نوێیەکەی پاشماوەکەشی پان کردەوەو لە سەر مەڕمەڕە خاوێنەکەی پێش پێشانگاکەی خاڵێکی ڕەشی ناشیرینی جێهێشت و گەڕایەوە سەر کارەکەی.